**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێـراق**
**ژمارەی دەرهێنان:٢٣**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٣/١٠/١٩**

پشت بە حوکمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی سالّی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی وئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی ژمارە(٣٦)ی رۆژی (٢٠٠٣/١٠/١٨)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەلآتەش کە بڕگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی سالّی ١٩٩٧ پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە( ٢٣ )ی سالّی/٢٠٠٣
## یاسایدەرمالّەی مندالّبوون و دایکایەتی

**ماددەی یەکەم:**
ئەو ئافرەتەی لە ئیجازەی مندالّبووندا یان لە ئیجازەی دایکایەتیدابێت، بە درێژایی ماوەی ئیجازەکەی مووچەو دەرمالّەی تەواوی پێ دەدرێت.

**ماددەی دووەم:**
هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی سێیەم:**
پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخاتە بەرکار.

**ماددەی چوارەم:**
ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەرکار.

**د. رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com